# بەیانییەکی جوان نزیك نابێتەوە ئەگەر جەنگاوەرێکی زۆر نەبێت سوپایەکی زۆر نەبێت کە ئیش بکات لەسەر گۆڕینی دونیا

## شێرزاد حەسەن

بۆ

ڕەنگبێ بەسەدان دیدار لەگەڵ چیرۆك نووس شێرزاد حەسەن سازدرابێ، کە لەهەر جارەیاندا هەندێك تەلیسم دەشكێن و شتی نوێ دەدۆزرێتەوە، یەكێك لەهۆكارەكان بۆ ئێمە ڕەنگبێ ئەوەبووبێ، ئەمجارەشیان هەندێك شت بدۆزینەوە كە لەوانی پێشووتر نەچێ یان هەندێك شت بێتە ناوەوە، نامەكانی ژیانی ئەم بەهرەمەندە دەوڵەمەندتر بكەن، ئەممان پەیرەو لێكردو تا ئاستێك توانیمان شێرزاد حەسەن هەندێ شتی نوێمان بۆ كەشف بكات كە پێشترو لەدیدارەكانی ترا نەیوتبێ. شێرزاد حەسەن لە ئەزموونی دوورودرێژی نووسینیا نووسەرێكی زۆر بەبەرهەم بەدیارناكەوێ، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە كەوا بە هەڵپە نەبووە لە نووسیناو زۆر مەبەستی نەبووە بازار پڕ بكات لە نووسین، ئەو بابەتانەی نووسیوونی ئەتوانین بڵێین نووسینی دانسقەن، بۆیە شێرزاد بە ئاسانی لە ئایندەی نەوەكان نابێتەوە، بەڵكو نووسینەكانی ساباتێك دەبن بۆ گەرم كردنی كۆڕی گفتوگۆو لێدوان لە بارەی چیرۆك و نۆڤلێت و ڕۆمان و پەروەردەو تەنانەت شیعریش كە وەك خۆی دەڵێ بۆ خۆیان دەنووسێ و نیازی بڵاوكردنەوەیانی نییە.

**سازدانی دیدار: حەسەن مستەفا و محەمەد گەلاڵەیی**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

***حەسەن مستەفا: شێرکۆ بێکەس لەلای ئیسلامە سیاسییە توندڕەوەکانا هەڕەشەی تیرۆرکردنی لێکراوە، دیارە ئەمەش بۆ ئەو تێکستانە دەگەڕێتەوە کە ئەوان پێیان هەرس ناکرێ، یان بە هەڵە لێی تێدەگەن یان شێرکۆ بێکەس بۆ مەبەستی خۆی نووسیونی، تۆش لەزۆر لێدوانتا یان لە تێکبەستنەوەکانتا، شتی دینی تێدا هەیە، باشە ئەمە هەڵە تێگەیشتنێکی دروست نەکردووە بەلای ئەوانەوەو دواجار نەبۆتە هەڕەشە بەسەرتەوە؟***

شێرزاد حەسەن: لەناو ئیسلامییەکانا چەندین بەرە هەیە کە نابێ لە بیرمان بچێ، تیایەتی زۆر توندڕەوە لەسەر بچووکترین شت پێی باشە بفەوتێیت و نەمێنی. واتە ئەوان زۆر پابەندن بە دەقەوە، هەرچیەکی هەبێ لەدەرەوەی ئەوە بە کفری ئەزانن، قەناعەتی هەیە خۆت پیا بتەقێنێتەوە لەسەر بچووکترین قسە، کە پێی وایە ئەو ئەچێتە بە هەشت و تۆ ئەچیتە جەهەننەم، بەڵام لەلایەکی تریش لە ناو ئیسلامییەکانا باڵی میانرەو هەیە، بەشێکی تیایە باوەری بە ئازادی قسەکردن هەیە، تۆ ئەزانی زۆرجار ئەگەر بگەڕێیتەوە ناو قورئان و وتەکانی پێغەمبەر، زۆرجار هەقت هەیە کافر بیت، زۆرجاریش هەیەتۆ بەس نوێژ نەکەی ئیتر تۆ کافری، واتە لەناو خودی دەقەکان، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە هەیە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئیسلام خۆی، ئایەتەکانی مەککە وەکو مەدینە نین، ئەوکاتەی ئیسلام بۆ خۆی لاوازە دڵداری ئەکات لەگەڵ عیسا پەرست و موساپەرست و لەگەڵ کافرەکان، بەڵام ئەو کاتەی ئیسلام بەهێزە بروای بە شمشێر و کوشتن و بڕین ئەبێ، ناکرێ ئایین لە مێژوو دابڕین، کێشەی

## یەك ماموٚستاش بێ هەر زۆرە، یەك ماموٚستا لە ژیانتا دڵرەق بووبێ لەگەڵتا بەسە دونیا بەسەرتا ویٚران بکات، ماموٚستایەك ئەتوانێ هەموو دونیات لەبەر چاو تاریك کات

ئیسلامییەکان ئەوەیە وەك دەقەکی ئەبستراکت، لە ئاسمان داخزاو هاتۆتە خوارەوە، بەڵام مێژووی ئایین پێت ئەڵێ؛ئایین بەدەر نییە لە هەموو ململانێی سیاسیو کۆمەڵایەتی وئەخلاقی ئەو رۆژگارە. هەڵبەت بۆ منو بۆ ژمارەیەك لە نووسەر لە وڵاتی ئێمە کە دەست بۆ حەرام ئەبەین، بۆ نموونە پەیوەندی نێرو مێ زۆر قورسە لێرە باسی کەین، حەرامە .چیرۆك هەیە خەڵك ئەڵێ؛ ئەمە کفرە ئەمە حەرامە، ئەمە باش نییە ئەمە بانگەشەیە بۆ جۆرێك لە بەرەڵایی، بۆ نموونە کەڵە کورانو ئاسکە کچان، کە من خۆم ئەساسەن رەخنەی شارستانێتی رۆژئاواش ئەکەم تیایدا، چونکە دەمەوێ بڵێم مەعریفەت، ژیاندۆستی لە ئینسانا ئەکوژێ، سەرچاوەکانی جوانی لە ئینسانا ئەکوژێ، بەجۆرێك ئینسان لەدوای ئەوەی مرۆڤ مەعریفەتی پەیداکرد، شاری دروستکرد.. لەدارستان دەرچوو، مانای ئەوە نییە بەختەوەرە. هەندێ زاناو دانا هەیە دەڵێن با بگەڕێینەوە ناو سروشت. لەبەرئەوەی ژیان لەدوای پەیدابوونی شارستانییەت بوو بە جۆرێك لە مەینەتییو بەدبەختیو ئازار و ئەشکەنجە، بۆیە من وای دەبینم، زۆر زەحمەتە ئینسانەکان لەتۆ تێبگەن، لەبەرئەوەی تەسەوریان وایە پیرۆزترین دەق قورئانو وتەکانی پێغەمبەرە، دوای ئەوە هەموو ئەو دەقانە پوچن، کاتی هێرشی عەرەب بۆ ئەو ناوچەیە دەست پێدەکات بەدەیەها کتێبخانە سووتا، مەعلومە کە گوتوویانە قورئانمان هەیە ئەم کتێبە قۆرانە چییە، ئەگەر یەکێك هێرشەکانی عەرەب بخوێنێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە، کە بەناوی فتوحاتەوەیە کە لای من داگیرکردنە، بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە ئەوەندە کتێبەمان دۆزییەوە لە بۆتان، یان لە ئێران یان لە کتێبخانەی فلان پاشاو میر، هەر بە فەرمانی خەلیفەکانی سوتێندراون. رەفیق سابیر کتێبێکی هەیە (بەرەو مێژوو) یان (ئیمپراتۆرییەتی لم)ی بخوێنەوە تێدەگەی کە بە ناوی ( غەزەوات و فتوحات) ەوە چ کاولکارییەك کراوە، بۆیە من وای دەبینم کە بەدحاڵیبوونێکی گەورە هەیە، بەڵام کە تۆ ماویت هی ئەوەیە کە قەدەرە ماویت یاخود چەند باڵێکی کەش هەیە باوەریان بەوە نییە تۆ لەناوبچییت، بەڵام من بروا دەکەم ئیسلامە توندڕەوەکان سەرکەون، نایەڵن هەناسە بدەین.

***محەمەد گەلاڵەیی: باوکی خۆت کە لەکاتی نەخۆشیا بینیووتە یان کە کۆچی دوایی کرد، سەرەرای ئەو هەموو توندوتیژییەی هەیبووە بەرامبەرت، بۆی گریایت؟***

شێرزاد حەسەن:بەڵێ بەڵێ هەڵبەت گریاوم، ئەتوانم بڵێم کە مرد وەك مەرگی ئینسانێك سەیرم کرد، نەك وەك ئەوەی کە باوکم بووەو شتێکی زۆر گەورەم لەکیس چووە، یانی ئەوەی لە ژیانی منا نەبووبێ باوکم بوو، وەك پەیوەندی ئینسان بە ئینسان، منو باوکم لە منالی تا مردیش غەریب بووین بەیەك،من بۆ پشیلەو سەگیش گریاوم، من دوێنێ شتی زۆر سادەم بینییوە گریاوم، هەفتانە یان مانگانە دەگرییم، شیوەنی زۆر سەیر ئەکەم، من یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر دەگریم، زۆرجار بیرەیەك ئەخۆمەوە لەو دەشتو دەرە ئەگریم کەس پێی نازانێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من دایکم مرد بۆ دووسەعاتیش نەگریام پاشان لەپڕ بوورامەوە، نازانم چی بوو بردمیانە نەخۆشخانە، واتە زۆرجار بەشتێکی زۆر سادە گریانت دێ یان جاری واهەیە کارەساتێك ناتگرییێنێ، سەبارەت باوکم من خۆشم ویستووە گەرچی کەموزۆر ئازاری داوم، باوکم قوربانی بوو باوکم جەلاد نەبوو، ئەو دواجار پیاوێکی نەگبەتی ئەم وڵاتەبوو، من هەرگیز یەك رۆژ هەڵەم بەرامبەری نەکردووە، یەك رۆژ قسەیەکی ناشیرینم پێنەگوتووە، یەکرۆژ بەروویا هەڵنەشاخاوم، لەبەرئەوەی دواجار زانیوومە باوکم کوری کولتورێکە کە فەلسەفەکەی ئەوەیە؛ ئەگەر دەتەوێ کوڕەکەت جوان پەروەردەکەیت، ئەبێ زۆر دڵرەق بیت لەگەڵی، زۆر شەرمت لێبکا و زۆر بترسێ، سەدەها ماموٚستا لەم وڵاتە کە نەوەی نوێشن پێیان وایە قوتابی دەبێ شەرمیان لێ بکەنو لێی بترسن، رێز لەوێوە هاتووە، بۆیە ئەمە فەلسەفەیەکە لە ژیانی ئێمە کانگاکەی لە ترسو شەرمو جۆرێك لە تۆقاندنی تێدایە، باوك بۆ ئەوەی رێزوشکۆی خۆی بپارێزێ لەماڵێ ئەبێ پێنەکەنێ، ئەبێ نوکتە نەگێرێتەوە، ئەبێ لەگەڵ منالەکانی نان نەخوات، وەکو پێم وتی باوکی من لەگەڵ ئێمە نانی نەدەخوارد، باوکم میوەی ئەهێنایەوە بە تەنیا ئەیخوارد دوایی ئێمە بەدزییەوە میوەکەمان ئەخوارد، هەرچەند من زۆر درەنگ پرتەقالو سێوم بینی، یەکەم شلەو برنج کە بووم بە ماموٚستا لەسەر حیسابی خۆم خواردم لە سلێمانی، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەمجۆرە کۆمەڵگایانە ئەگەر دایکم

## لەناو پەرلەمانی ئێمەدا کۆمەڵێک منالی شەرمن هەن

یان باوکم یان خوشکم یان خۆشەویستەکەم ئەمرێ، ئەکرێت بتاسێم، ئەکرێ لەناوەوە بگریم، فرمێسك زۆرجار درۆزنانەشە، گریانی راستەقینە گریانی رۆحە، نەك هی چاوەکان.

***محەمەد گەلاڵەیی: ئەی بەرامبەر دایکت چۆن هەڵسوکەوتت کردووە؟***

شێرزاد حەسەن: دایکیشم زۆر ژنێکی سەرسەخت بوو، دایکم لەبەرئەوەی چەوساوەی دەستی باوکم بوو، زۆرجاران بەسەرما ئەگریاو دارکاری دەکردم لێی ئەدام، من لە زانکۆبووم دایکم لێی داوم و تیرۆکەکەی لەسەرو پشتم شکاندووە، ئەو خێزانەی من کە لێی پەروەردەکراوم ئەگەر گەورەی کەینەوە دەکاتە هەموو کوردستان، سەرکردەکانی کورد حەیزەرانیان پێیە، چاوسوورئەکەنەوە، لەناو پەرلەماندا کۆمەڵێك منالی شەرمن هەن، پەرلەمانتار نین لای من، لای من پیاووژنی ناو حزب کۆمەڵێك ئەندامی شەرمنن، کۆی کولتوری کوردی لەسەر ترس‌و شەرم ئیش ئەکات، ئەوە خێزانەکەی من نییە بە تەنیا، من هەرگیز نەمویستووە باسی حەسەن پۆلیسی باوکم بکەم، کە باسی حەسەن پۆلیس ئەکەم، باسی هەموو سەرکردەو بنکردەکانی کورد ئەکەم کە هەریەکەی بۆ خۆی دیکتاتۆرێکی بچووك یان گەورە لە رۆحیدا دەژی، مامۆستایەکی سەرەتایی کە تازە دادەمەزرێ تەمەنی بیست‌وپێنج ساڵەحەزەکات دیکتاتۆر بێت، فەرمانبەرێك‌و پۆلیسێکی هاتوچۆ، هیچ کوردێك نییە لە ناو رۆحیا دیکتاتۆرێکی بچووك نەژیێ، ئەگەر بۆشی برەخسێ یەکێك لە کارە ناشیرینەکانی چەوسانەوەی کەسی بەرامبەرە، بەدەلیلی ئەوەی کورد هیچ ئازاد نییە، ئازادی شتێکە پەیوەندی بە ئازادی رۆحەوە هەیە، ئازادی ئەوە نییە تۆ لەسەر جادە ئەرۆیت‌و ئەژیت، ئازادی شتێکە زۆر قووڵترە لەوە، هەموو کوردێك بە باوەری من کۆیلەیە لە ناوەوە،ئەوە نیە تورك‌و فارس‌و عەرەب نایەڵن ئێمە دەوڵەتمان هەبێ، خودی ئیرادەی سیاسی لە ناوەوەی ئینسانی کورد بۆتە مەحاڵ، خودی تورك‌و عەرەب‌و عەجەم بۆ خۆشیان کۆیلەن، کۆیلە ئازادی نادات بە کۆیلە، مامجەلال‌و کاك مەسعود نامە بۆ بوش ئەنووسن ئەڵێن ئێمە هاورێی تۆین ئەگەر تۆش هاورێمان نەبیت، ئەمە سواڵکردنی سەربەستییە، ئەمە سواڵکردنی سۆزو بەزەیی ئەوانی ترە، بۆیە من ئەمەوێ ئەوەت پێبڵێم، ئەمە مامۆستایەك‌و باوکی من نیە کە چەوسێنەرە یان دیکتاتۆرە یان حەز بەترس‌و شەرمەکات، بەڵکوئەمە کۆی کۆمەڵگای کوردییە کە ئەگەر یەك پلە لە کەسێکی کە گەورەتربێ ئەم گەمەیە ئەکات، گەمەی هێزە، گەمەی دەسەڵاتە لە نێوانی سەردەستەو بن دەستە، لە نێوانی مامۆستاو قوتابی، لەنێوانی ئەفسەرو سەرباز، لە نێوانی مەلاو فەقێ، لەنێوان باوکت‌و تۆ لە نێوان دایك‌و کچەکەی، واتە کۆی کۆمەڵگای کوردی بەم گرفتە دەتلێتەوە، دیارە زۆرن ئەو میللەتانەی کە بە هەمان قۆناغی شەری نێوان ئازادی‌و کۆیلەبووندا تێپەریون، ئەتوانم بڵێم خێزانێکی بچووکی کورد گەورەی کە هەموو کوردە، چۆن خێزانێکی کورد نازانێ ئازادبێ ئاواش کورد وەك نەتەوە نازانێ ئازاد بێ تا ئێستا.ئەو چەکانەی نەدۆزیوەتەوە بۆ ئازادی لەبەرئەوەی کۆیلەبوون‌و بەندی‌و ئەسارەت لە چەند دەزگایەکدا ئیشی لەسەر کورو کچی کورد دەکات، یەکیان ماڵە، کە خەراپترین کاری ئەوە فێری، ترس‌و شەرم‌و زەلیلت دەکات، دواجار ئەچیتە مەکتەب زەلیلترو شەرمنترو ترسنۆکترت ئەکات، دوایی دەچییە ناو حزب هەر بە تەواوی کۆیلەت ئەکات، ئەچیتە مزگەوت کۆیلەت ئەکا، هەموو خانە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر بچووککردنەوەی ئینسانی کورد کار دەکەن، کە من زۆرجار پێی دەڵێم کارگەی مرۆڤە گرگنەکان‌و خەسیووەکان و بچکۆڵەکان و زەلیلەکان، کۆمەڵگای کوردی بە ملیۆنەها مرۆڤی ئاوا گرگن دروست ئەکا.

***محەمەد گەلاڵەیی: منالەکانت چۆن لە تۆ ئەروانن، پێناسەی ئەوان چییە بۆ تۆ؟***

شێرزاد حەسەن: ئەوان نازانم چۆن سەیرم ئەکەن، دەکرێ تارادەیەك ئەوان رایان لە من بێ وەك باوك، بەڵام دیسان من پێم وتن حەسەن پۆلیس وەك دیکتاتۆرێك لە ناو منایە نەمردووە، بەخەبەری نەیەنن چونکە منیش کوری باوکی خۆمم، من بۆچوونم

## پەروەردە یەك لەو دەزگا ترسناك و هەستیارانەیە ئەتوانێ یان مرۆڤی تەواو دروست کات یان مەیمون، بەداخەوە ئێمە لە قوتابخانەکانی کوردستان زیاتر مەیمون و داهۆڵ و توتی دروست دەکەین

## کولتوری عەرەبی ئیسلام لەو هەزارو چوارسەد ساڵە سواری کولتوری کوردی بووە بە باوەڕی من،کولتورێکی داگیرکەرە.. بەزەبری شمشێر هاتە ئەم ناوچەیە بەهەزاران حەلال‌وحەرامی لەگەڵ خۆی هێنا



**رەنگە ئەو پاڵەوانەی حەسارکە زۆر ماندووە لە رۆمانەکە و هیچ ناوێکی نییە بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆم بم**

وایە کە ئێمە زۆرجار بە هەڵە دادەچین وادەزانین کتێبەکانو قەوارەی کتێبەکانو ژمارەی کتێبەکان رۆحو سایکۆلۆژیەتی ئێمە ئەگۆڕێ، زۆربەی دەروونزانەکان رێککەوتوون کە ئینسان پێکهاتەی کەسێتییەکەی ، ئەخلاقی، هەڵسوکەوتی لە تەمەنی حەوتو هەشتساڵی تەواو دەبێت، واتە ئەوەی لە منالی فێرت ئەکەن لە گەورەییتا رەنگ ئەداتەوە، ئەزانی من بۆ ئەنووسمو ئەخوێنمەوە من نەمویستووە دونیا بگۆڕم،من ویستوومە خۆم بگۆڕم، چونکە خۆم تەواو نیم، نەخۆشو سەقەتم، خۆم ئینسان نیم، خۆم بە گومانم لە هەموو شتێکی خۆم، من کارم بە دونیا نییە بیگۆڕم من کارم بە خۆمە ئەمەوێ خۆم بگۆڕم.

من هەرگیز نامەوێ بڵێم لە باوکم چاکترم بۆ منالەکانم دواجار لە هەندێك شێوەو باردا، من لە باوکم ئەچم، چونکە دواجار ژنەکەم جلم بۆ ئەشوا کە ئەمە رۆحێکی دەرەبەگانەیە، ئەو چێشتم بۆ لێئەنێ ئەو پتر مەشغولی منە ئەو خەمخۆرترە، لەوانەیە من بەر لەقەی نەدەم جیاوازییەکە ئەوەیە، بەجۆرێك لە جۆرەکان ئێمە هەموومان کوری باوکی خۆمانین، کەم و زۆر، بەڵام یەك لە هەوڵو تەقەلاکانی من ئەوەیە، کە بگۆڕێم و لە باوکم نەچم، لەبەرئەوەی من لە ژیانی قوتابییەتیدا ئەوەندە مامۆستای خراپم بینی ئومێدی ئەوەم دەخواست ببمە مامۆستا لەوان نەچم،من پانزەساڵ لەشاری سلێمانی مامۆستا بووم، ئەتوانم بڵێم لە زۆربەی قوتابییەکان منیان خۆشویست، لەبەرئەوەی پۆلی من ئازاترین پۆل بووە، ئەتوانم بڵێم کە هیچ رۆژێك قوتابی لە من بێتاقەت نەبووە، هەمیشە قوتابی لەو پۆلەی من وانەم تیا وتۆتەوە بە ئارەزووی خۆی دانیشتووە، من ناچارم نەکردووە، لە ماڵەکەی خۆشما شقارتەیەکیش نییە بە ناوی منەوە هەمووی بەناوی خێزانەکەمەوەیە، من هەر ئەوەندەم پێ ئەکرێ، بەڵام بۆچوونی واهەیە کە نەك ماڵو خانوو، بەڵکو ژنو منالەکانیشی مولکی پیاوە، لێرەو هەنووکە، کە بۆمن ئەوە کوفری هەرە گەورەیە، بۆیە من کچەکانم تا ئەوپەری دونیا ئازادن، من کە کچەکەم غەمگین بووە پێم وتووە کە عاشقی کام کورە تاوەکو بۆی بێنم دانیشێ بەدیارییەوە، من هەر ئەوەندەم پێدەکرێ جیاوازبم، هەرئەوەندەم پێدەکرێ کە ئەوەی خەونی پێوە دەبینم بە دونیا دەبێ بۆ منالەکانی بەرەوا ببینم، نە کچەکانم نە خێزانەکەم پێم نەوتوون بۆ کوێ ئەچن بۆ کوێ ناچن، لە منالییەوە فێری جۆرێك لە ئازادی بوون، لە منالییەوە فێری ئەوەم کردوون کە پێم بڵێن هەڵەیت، سەدەها جار بەمنیان گوتووە هەڵەیت، جاری واهەیە کۆڕێك ئەبەستم یان قسەیەك لەسەر تەلەفزیۆن ئەکەم، دێمەوە دادگاییەکی زۆرم ئەکەن، ئەڵێم برۆمە دەرەوە لەم ماڵە ئەڵێن نا دانیشە، پێم وتوون هەر کاتێك ویستتان من ئەچمە ئوتێل، من هەر ئەوەندەم پێ ئەکرێ ، چونکە شاعیرێکی ئینگلیزی یەك دێری زۆر جوانی هەیە کە قەت لە یادی من دەرناچێ، شەپازلەیەك لە کورەکەی ئەدا، لە شیعرێکا

## سیحری ئەدەب، هەم مەعریفەتت لەسەر کۆمەڵگاو مێژوو و لایەنی کۆمەلایەتیو ئایینی وئەخلاقی پێدەفرۆشێ و لەهەمان کاتدا تۆ یەکجار چێژێکی جوانیشی لێدەبینی

مەرج نیە شاعیرەکە لە کورەکەی خۆی دابێ، بەڵام شیعرەکە ئاوایە ئەڵێ؛ کورەکەم من شەپا زللەیەکم لە تۆدا، بەڵام ئەوە دەستی من نەبوو، دەستی باوکم بوو.

من ئەمەوێ بڵێم، کولتوری چەوساندنەوە و کۆیلەتی، شەرم، ترس ،ئەگەر کولتورێك بێ ، خوویەك بێ لە باووباپیرانەوە دێ بۆ نەوەکانی داهاتوو، رەنگە لەگەڵ قەبارەی ئەو

کتێبانەی دەیانخوێنینەوە یان ئەو کەسانەی داناترو زاناترن لە ئێمە، ئێمە شتێك فێر ئەبین، بەڵام کۆی ئەو کولتورە فرێ نادرێ بە ئاسانی و بە شەوو رۆژێك، بەڵکو زەمانێکی گەرەگە، نەوەی چوارەمی من کە دەکاتە کوری کوری کوری من، هەرگیز لە من ناچێت، من تەمەنم سێ ساڵ بوو توانیم بە ئافرەتێك بڵێم خۆشتم ئەوێ، پێش ئەو تەمەنە نەمئەتوانی ئەوە بڵێم، چونکە لاڵ بووم بە لاڵی گەورە بووم، من سی ساڵ لاڵ بووم، ئەمە پەیوەندی هەیە بە شەرمی منەوە ئێستاش جاری وا هەیە شەرم ئەکەم، لەپڕ بێحەیاترین زەلامیشم، بۆ خۆشم ساغ نەبۆتەوە، زۆر جاری واهەیە خۆم ئەشارمەوە، تۆ کە رەسمت گرتم نارەحەت بووم، لە منالیش کە رەسمیان ئەگرتم، ئەمەویست رابکەم وام هەست ئەکرد ئەمە کارێکی ترسناکە بۆ من، ئەمە ترسێکە لە منالی بۆ من ماوەتەوە، بۆیە من جەخت لەسەر میراتی ئەخلاقی ئەکەم، چونکە تۆ لە منالییەوە زۆرجاران پێکهاتەی منالییت دروست ئەبێت.

کافکا لە منالییەوە پەیوەندی لەگەڵ باوکی زۆر خەراپ بوو، هەر لەبەرئەوە بە درێژایی چیرۆکەکانی رەنگی داوەتەوە، ئەو قەت ناتوانێ عیشق بکات، بەردەوام عیشق ئەکاو خۆی بە شکست ئەبینێ، بەردەوام ئەیەوێ زەماوەند بکاو پەشیمان ئەبێتەوە، ئەیەوێ دڵداری بکاو تێناگا . ئەتوانم ناوی دەیەها نووسەر ببینم کە تووشی ئەمجۆرە نەخۆشیانە هاتوون، دویستۆفیسکی پیاوێکە کە زۆربەی کات وەك دەگێرنەوە نەخۆشیەکانی خۆی نووسیوەتەوە، خۆی قومارباز بووەو رۆمانێکی هەیە لەسەر قومار، تۆ کە قومارباز‌ەکە ئەخوێنیتەوە هەست ئەکەی ئەم کابرایە چەند ماندوو بووە، قومار بۆ ئەو خولیایەك بووە ویستوویەتی دەرچێ لە کۆمەڵێك کێشە. باوکی من قومارچی بوو درەنگ تێگەیشتم کە باوکی من ئەگەر خوێنەوار بووایە لەوانەبوو حەزی بکردایە رۆمان بنووسێ. لەوانەیە دارتاشێکی باش بووایە، خولیای قومار نەبوایە، لە بەتاڵی وەك پۆلیسێك بەردەوام قوماری ئەکرد، ئەیدۆراندو ئەیبردەوە، جاری واهەیە تۆ لە خۆت دەپرسیت کە کەسێك ئەخواتەوە، بۆ ئەرشێتەوە، بەڵام ماندووبوونێك هەیە هەمیشە ئینسان شتێکی شاراوەی تیایە کە دەرەقەتی ناپێ، یەکێك لە کێشەکانی قوتابخانەکانی ئێمە بە قوتابی ئەڵێن دانیشە و عاقڵ بە، نابێ منال دانیشێ مەرجە منال زرمەزلی بکا، ئەبێ راکا، ئەبێ هەڵبەزو دابەز بکات. ئەمە سەرەتای کوشتنی مرۆڤە کە تۆ لە پۆلێکی رەقوتەق داتناوە پێی دەڵێی دانیشە.

# کلێسا لە رۆژگارێك قەسابخانە بووە، ئێمەش بەم قۆناغەدا تێئەپەرین

***حەسەن مستەفا: دوایین پرسیارم ئەوەیە، زۆر لە خانە کۆمەڵایەتیەکانمان لەپەیوەندیەکی سەقەتدان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە موراجەعەیان دەکەن، مەکتەب وەك خانەیەکی (پەروەردە- کۆمەڵایەتی) نموونەیەکی بەرجەستەیە، تۆ وەکو فێرکارێك بەردەوام ئەتەوێ هۆشدارییەك بدەی، ئەتەوێ کۆمەڵ وەئاگا بێنی، بەشێکی کارە ئەدەبیەکانیشت گەواهی ئەوە دەدەن، لەئێستاشدا بۆ راستکردنەوەی ئەو پرۆسە سەقەتەی کە بە ناوی پەروەردەیە هەوڵێك هەیە، بەڵام تاچەند گوێت لێگیراوە تاچەندیش لێی رازیت؟***

شێرزاد حەسەن: لێت ناشارمەوە من لەسی ساڵی رابردوو کە بوومە مامۆستا، سوێندم خوارد کە نابێ من وەکو ئەوانەی پێش خۆم دڵرەق بم، ناشیرین بم، هەڵبەت من مامۆستای جوانو میهرەبانم بینییوە کە قەرزاریانم، من دارشتنێکی جوانم نووسی کە ئەوسا لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، مامۆستایەك کۆمەڵێك گۆڤارو کتێبی ئەدەبی بۆ هێنام کە قەت لەیادم ناچێ، کە ناوی تەحسین بوو. من تا تەمەنێکی کە باڵقیش بووم هەر میزم بەخۆمدادەکرد، یەك لەو شتانەی داهاتوو کە ئەینووسم باس لەو مەینەتییەی خۆم ئەکەم کە من پانزە بیست ساڵە لە ژیانی خۆما زۆر شەو میزم بەخۆما کردووە یان بەیانییەك نا بەیانییەك،ئەمەش دەزانی دەرئەنجامی چییە؟ دەرئەنجامی ئەو خێزانانەیە کە بەردەوام شەرو شۆری تیایە، بەردەوام منالەکانیان میزکەر دەردەچن، من یەك شەروالم هەبوو دەیەها زستان بەیانیان بەو شەرواڵە تەڕەوە چوومەتە قوتابخانە لەرزیووم، لەپۆل دەریانهێناوم لەبەرئەوەی بۆنی میزم لێ هاتووە، من ریسوابوویمە لە مەکتەب و منالان پێم پێکەنییون، رۆژێك من لە زانکۆ بووم کورێك منی ناسییەوە، باسی ئەدەبم ئەکرد بۆ کۆمەڵێك لە هاوتەمەنەکانم، ئەو گوتی تۆ دەم لە قسەی قەڵەو ئەدەی هەی میزکەر، منیش هەر ئەوەندە ئەزانم زۆر خامۆشانە گوتم جا چیبکەم وابووم. ئەتوانم بڵێم ناشیرینترین ژیان ژیام، ناشیرینترین مامۆستا لە ژیانمدا دەرسیان پێ وتووم، منوباوکم کە غەریب بووین بەیەك، کەسوکارێك بەردەوام گاڵتەیان بە من ئەکرد و بەدایکمیان ئەگوت زارە دۆم، ئەوە پرسیاری بۆ دروست ئەکردم و لە دایکمم ئەپرسی دایکە دۆم چییەتی؟ وتی کورم دۆمیش هەر وەکو ئێمە ئینسانن. وتم تۆ ئەسڵت دۆم و قەرەجە: وتی ناوەڵا کورم. سەرباری ئەمانە دایکم فێری کردبووم کە لەماڵی هیچ کەسێك لەو ماڵە خزمە دەولەمەندانە نان و گۆشت نەخۆم و هەمیشە واخۆ بنوێنم کە تێرم. من دەیەهاجار چوومەتە ماڵە خزمەکانم برسیم بووە، بەتایبەت ئەو کاتانەی شاگرد بووم لەلای مێردی پورێکم کە ئاسنگەری ئەکرد، سێ مانگ من رۆژانە سەعاتێك بە پێیان دەهاتمەوە ماڵی بۆ نان خواردن. من ئەو ترسەم لە سلێمانی شکا، سلێمانی یەك لەو شارە سەیرانە بوو، لە کۆتایی حەفتا کە هەموو ماڵێك بۆمن کراوەبوو.

# من کارم بە دونیا نییە بیگۆرم، بەڵکو مەرجە بەر لەوە خۆم بگۆڕێم



فۆتۆ : سۆران نەقشبەندی

لەهەموو ماڵێك ترسیان ئەشكاندم كە بخۆم‌و بخۆمەوە. بەراستی من ئەم ترسەم لێرە لەدوای تەمەنی سی. بۆیە لە مەكتەبیش ئەو هەموو شتەناشیرینانەم بینی، ئەو هەموو دڵرەقیانەم بینی، یەكێك لەوشتانەی كە وای ئەكرد بەردەوام مێزكەم بە خۆما، مامۆستای ماتماتیك بوو ناوی عەبدولقادر قرگەیی بوو، هەموو بەیانیان ئەهاتە ژوورەوە و ئەیگوت سەركەپوو كوترای وەرە دەرێ، من تازە لەرەواندزێ لە پۆلی چواری سەرەتایی گەڕابووینەوە هەولێرێ، ئیتر كە لێی ئەدام میزم بە خۆمدا دەكرد، پێلاوێكی لاستیكم لەپێدابوو پڕەبوو لەمیز. ئەتوانم بڵێم بۆ من ئەو مەینەتیانەی بە دەست مامۆستاكانەوە دیم ئازاری دام، گەر یەك مامۆستاش بێ هەر زۆرە، یەك مامۆستا لە ژیانتا دڵرەق بووبێ لەگەڵتا بەسە دونیا بەسەرتا وێران بكات، مامۆستایەك ئەتوانێ هەموو دونیات لەبەچاو تاریك كات. بۆیە من بۆ خۆم بریارمدا وەك ئەو مامۆستایانە دڵرەق نەبم، ئەتوانم به شانازییەوە بڵێم من لە ژیانما گەورەترین خۆشەویستی كە چنیمەوە، لە ڕێگەی نووسین‌و ئەدەبەوە نەبوو بەڵكو لەڕێی پیشەی مامۆستایەتی ئەو خۆشەویستیەم دەست كەوت، من یەكەم موچەم سی‌و شەش دیناربوو، گوتمە قوتابیەكانم ماڵی باوكم پێویستییان بە منە، ئەو موچەیە ئەبێ بە دوو كەرت كەرتێكی من لە سلێمانی ئەیخۆم كەرتێكی بۆ ئەوانە، لەو كەرتەیەی خۆم ئێوە بەشدارن. به راستی وام كرد لەگەڵ خوێندكارەكان، بەس بڕوام وابوو كە دەبێ ئەوە بكەم. بۆ خۆم ئەو هەڵانەی رابردووم دووبارە نەكردەوە. وەكو ئیشی فیكریش لەوەتەی مامۆستام بە تایبەت لەو دە دوانزە ساڵەی كۆتایی بەردەوام ئیشم كردووە لەساڵی٢٠٠٨ كتێبێكم لەسەر پەروەردە ئامادە دەبێ بۆ چاپ. نازانم كتێبەكە باش ئەبێ یان نا، بەڵام هەوڵێكە و بەشێك لە ئەزموونی خۆمی تێدایە. خۆی پەروەردە یەك لەو دەزگا ترسناك‌و هەستیارانەیە، ئەتوانێ یان مرۆڤی تەواو دروست كات یان مەیمون، بەداخەوە ئێمە لە قوتابخانەكانی كوردستان زیاتر مەیمون‌و داهۆڵ و توتی دروست دەكەین،بەو مانایە نییە سوكایەتی ئەكەم بە مرۆڤ، بەس بۆخۆم یەكێك لەو مەیمون‌و داهۆڵ‌و توتیانە بووم كە لەو كارگانە هاتمە دەرێ، بەڵام رەنگە بەخت یارم بووبێ لەرێی كۆمەڵێك ئینسانی لە خۆم خوێندەوارتر‌و عاقڵتر دەستگیرۆیان كردم كتێبێكیان داومەتێ، هەڵبەت من تا زانكۆشم تەواوكرد پارەی كرینی كتێبێكم نەبوو، بەڵام كتێبخانەی گشتی لە هەولێر فریام ئەكەوت، من ئەتوانم بڵێم لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە لە بازار شاگرد بوویمە، من دەساڵ كرێكاری بینا بوویمە، ئەتوانم بڵێم دەساڵ لە چێشتخانەكانی هەولێر شاگردبوویمەو لەبن قەڵا من قاپم شۆریووە، من تا زانكۆشم تەواوكرد شاگردبووم، من ئەوەندە وەستای دڵرەقم بینیوە كە ئەمەش بۆمن دیسانەوە حیكایەتێكی دیكە بوو، سەیرە من لە ماڵی باوكم دڵرەق بوو، كە چوومە قوتابخانە مامۆستای ناشیرینم بینی، وەستاكانم زۆر جنێوییان پێدەدام، سوكایەتییان پێئەكردم. من منداڵێكی جوان بووم هەتا هەتیوبازەكان تەماعی ئەوەیان ئەكرد دەستم بۆ درێژ بكەن، من هیلاك بووم تا خۆم قووتاركرد، لەگەرەكێك بووم كە زۆر لە كورەكان دەچوونە گژ ماكەر، پڕبوو لە هەتیوباز، بۆ من ئەم مەسەلانە هەمووی خەم بوون، هەمووی دەرد بوون، ئیتر بواری پەروەردە یەك لەو كارگانەیە كە دەكرێ ئیشی لەسەر بكەین و مرۆڤ دروست كەین. بە قەناعەتی من كورد میحنەتەكەی ئەوەیە مەكتەبەكانی زۆر خەراب بوون، ماڵەكان خەراپن بۆ دروستكردنی ئینسان، مزگەوتەكان پیاوی مرو مۆچ و دردۆنگ بە ژیان بەرهەم دێنن، ئەبێ رووكاری ئەمشوێنانە هەمووی چ وەك هەیكەلی ماددی چ وەك ژینگەی گشتی چ وەك ئەو بابەت‌و مەنهەجانەی كە

ئەخوێندرێن، چ ئەو پەیوەندییانەی کە ئینسان بە ئینسان دەگەیەنێ دەبێ سەرتاپای بگۆڕێن. لێت ناشارمەوە لە دە ساڵی رابردوودا من وەك خۆم کردوومە، چۆن بکەین کە ماموستا لە جیاتی حەیزەران خۆشەویستی بەکاربێنێ، ئەمە بە شەوو رۆژێك پەیدا نابێ. بەریتانیا و فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەڵمانیا، ئەوروپا ئەمریکا بەم قۆناغەی ئێمە تێپەریوون، ئەوان کلێسایان هەبوو، کلێسا لە رۆژگارێك قەسابخانە بووە، ئێمەش بەو قۆناغەیا تێئەپەرین، نابێ تۆ بڵێی بەیانی نییە، من ئەڵێم بەیانی هەیە. بەیانی دێت بەیانی جوان ئەبێت، بەیانییەکی جوان نزیك نابێتەوە ئەگەر جەنگاوەرێکی زۆر نەبێت.سوپایەکی زۆر نەبێ کە ئیش بکات لەسەر گۆڕینی دونیا. بەداخەوە لە نێو رۆشنبیرانی کورد زۆرجار ئەڵێ پەروەردە کەی خەمی منە، کێشەی منداڵو ژنوژینگەو سروشت کەی خەمی منە، کێشەی پیرو پەککەوتە، کێشەی گەندەڵیو سیاسی کەی خەمی منە. ئێ هەروایە کە تۆخوێندەوارەکانت وا بڵێن، ژمارەیەکی زۆر کەم کە هێزێکی بچووکە ئەکرێ کەتیبەیەکی بچکۆلە بێ مومکین نییە دەرەقەتی ئەو هەموو لافاوی ناشیرینییە بێت کە هەیە. بۆیە من لە بواری پەروەردەش ئەوانەی دژی گۆڕانن زۆرزۆرترن لەوانەی کە لەگەل گۆڕانن. بۆیە شەڕێکی نابەرابەرو نایەکسانە، شەڕێکی درێژخایەنە، بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دواجار ئایندە دەخوازن و بە حوکمی تەکنەلۆژیای تازەو ئینتەرنێتو سەتەلایتو ئەوەی کە دونیای کردووە بە گوندێکی بچکۆلە، دونیا دەگۆڕێت، تەکنەلۆژیاو خێرایی بەریەك کەوتن هێرش ئەکاتە ناو ئێمەش، ناتوانین لەدوای ئەو هەموو پێشکەوتنە دەرگای ماڵەکەت دابخەی. لەرێگای هەزاران کچو کور کە سەفەرئەکەنە رۆژئاوا کاریگەری خۆی هەیە، هەموو ئەو شتانەی لەرێی شاشەکانەوە دەیانبینین، تازە دونیا ناچێتە دواوە، رەنگە رۆژگارێکیش کۆنەخوازەکان سەرکەون، بەڵام ئەمە کۆتایی دونیا نییە. کۆتایی دونیا بە چەشنێکە ناڵێم زۆر جوانە من هەمیشە مەزەندەم وایە کە دونیا بەدبەختی هەر تیا ئەبێ، بەڵام دەگۆرێ پاش پەنجا ساڵی کە مومکین نییە قوتابییەکان ئاوا دانیشن بەمچەشنە کە ئازار ئەچێژن، ئەو قەسابخانەیە بەمچەشنە نامێنێ. من لەگەڵ خودی وەزیر هەفتانە راپۆرتم هەیە، هەموو ئەو خەمانەی خۆم هەموو ئەو ئەزموونانەی خۆم، هەموو ئەو هەراو شەرانەی لە گوندەکانو شارۆچکەکانا ئەیبینم، حەکایەتێکن باسی ئەکەم. من زۆر مەبەستمە رادیکالانە بیگۆرین، بەڵام رادیکالانە وازوو ناگۆرێ، کێشە زۆرە. من ئەتوانم بڵێم، ئێمە هەندێك ئیشیشمان کردووە لەگەل هەندێك لەو برادەرانەی لە سویدن لەوانە ئۆمەر قەرەداغیو فایەق سەعید بەردەوام دەنووسن لەسەر ئەزموونی ئەوی . واتە خەریکە خەمخۆر پەیدا ئەبن لە ناو کورد چ لە دەرەوەی وڵاتو چ لەناوەوەی وڵات. ئەوەی ئەمرۆکە خۆشە قوتابیەکان خۆیان ئەزانن ژیان نیە بەمچەشنە ناروات بەرێوە جاران وامان دەزانی ئەمە ژیانە، جاران کە من لە هەولێر عیشقم نەئەکرد وامدەزانی ژیان بەبێ عیشق ئەروا بەرێوە.بەڵام کورانو کچانی ئەم سەردەمە ئەڵێن چۆن دونیا بەبێ عیشق ئەروا بەرێوە.جیاوازییەکە لێرەدایە.

**محەمەد گەلاڵەیی: تۆ لە بچووکییا هاورێت نەبووە، یان باسی هاورێیەتی ناکەیت، ئێستاش وا هەست ناکەیت کە هاورێت نییە؟**

شێرزاد حەسەن: من پێم وتی، چونکە بە مناڵی دەترسام و شەرمم دەکرد، کە میوانمان هاتوون خۆم شاردۆتەوە، هەتا رۆیشتوون. کە باڵق بووم دووساڵان دەرپێی خۆم لە دایکم دەشاردەوە نەبادا ئەو تۆزە شەهوەتە و ئەو تۆزە پەڵە زەردە ببینێ، چونکە وام ئەزانی کە من بێئەخلاقم کە من شەیتانیی بوویمە، جارێ وشەی شەیتانی لەلای ئێمە، واتە شەیتان هاتۆتە خەونت، کەواتە تۆ کارێکی نابەجێت کردووە کە باڵغ بووی. من لە فینلەندابووم ئاهەنگ بۆ ئەو کەسانە ئەکەن کە باڵق ئەبن، ئاهەنگ ئەکەن بۆ تەقاندنی پەردەی کچێنی لە تەمەنێکی زوودا یان ئاهەنگ دەکەن بۆ کچێك کە یەکەمجار خوێن ئەبینێ. بۆیە کچی کورد بەشەرمەوە مامەلە لەگەڵ ئەم دیاردە فسیۆلۆژییە دەکات. جاری واهەیە کەس نییە وەڵامی بداتەوە، دایکی بەشەرمەوە وەڵامی ئەداتەوە. بۆیە من تەسەوەرم وایە نەمتوانیوە وەك هەر منداڵێکی گەرەك کە شەرە بەردیان ئەکرد، منیش لەو شەرە بەشداریبکەم، چونکە لەماڵەوە دارکاری ئەکرام، بۆیە من ناتوانم بڵێم وەك هەر منداڵێك هاورێم هەبووە، من هاورێم هەبووە بە مناڵی، بەڵام ژمارەیەکی کەم بووە لەنێوان چوار تا پێنج کەسدا بووە، کە رەنگە وەك خۆم شەرمنو ترسنۆك بووبن. من زۆر لەوانە ئەترسام کە چەتوونو هارو هاج بوون، وام هەست ئەکرد ئەوانە مایەی هەرەشەن بۆمن. بۆیە ئەو مناڵانەم هەڵدەبژارد کە وەکو خۆم خامۆش بوون. بەڵام لە تەمەنی گەنجێتیدا هێدی هێدی هەندێك برادەری ترم بۆ پەیدا بوون. لە راستیدا هاورێی گیانی بە گیانی لە دونیایا لە ژیانی ئێمەدا زۆر ئاسان نییە پەیدا کردنی. تۆ بەردەوام کەسێك خۆشتی بوێو لەگەڵت بێ لە خۆشیو ناخۆشی بە ژمارە کەمە. من لە نێوەندی ئەدەبی کە بەو تەمەنە گەیشتووم، کە پەنجاو شەش ساڵ تەمەنمە، ئەتوانم بڵێم لە پەنجەی یەك دەست زیاتر هاورێی گیانی بە گیانییم نییە. کە زۆر یەکتریمان مەبەست بێ، ئایا خەتای خۆمە؟ نازانم.. بەڵام من رایەڵێکی یەکجار زۆرم لەگەڵ خەڵك هەیە کە پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای خۆشەویستی کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە. ئەمە بۆمن هێزێکی زۆر گەورەیە. من رۆژانە توشی چەندین کەس دەبم کە نازانم کێیە، کەچی ئەوان باس لە خۆشەویستی خۆیان دەکەن بەرامبەر بە من.بۆ من ئەمانە هێزێکن، ئەمانە برادەرن بەڵام برادەرێکی دوورن.ئەوانە زیانت پێناگەیەنن، بەڵکو هەیە ئەڵێ مامۆستا من تۆم خۆش ئەوێ . پێی ئەڵێم ناوت چییە؟ ئەڵێ ناوی منت بۆ چییە و درکاندنی ناوی خۆی پێ زیادە، جاری واهەیە ژنی ماڵ ئەبینم ئەڵی، تۆ ئەمشەو لە تەلەفزیۆن قسەت کرد، باوکی مناڵەکان چیتر لە مناڵەکان نادات. مانای وایە تۆ شتێکت وتووە بۆ ناو دونیای دەرەوە کە کاریگەری خۆی هەبووە.دواجار ئەمانەش هەر دۆستن. دۆست هەر ئەوەنییە شەوو رۆژ بە یەکەوە نان بخۆنو دانیشن زۆرجار من دۆستم هەیە بیست ساڵە لێی دوورم، بەڵام رۆحییەن لێیەوە نزیکم، من بە سەرکەوتنەکانی ئەو خۆشحاڵم ئەویش بە هەمان شێوە. ئەوەیان رایەڵو پردی راستەقینەیە.